هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٨٧) لە ٢٠٢١/١/٧

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٩) لە ٢٠٢١/١/٧، بڕیاردرا بە:

١. ڕاسپاردنی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری هێزێکی تایبەت و هاوبەش پێکبهێنن بۆ ڕێگەگرتن لە هەر پێشێلکاری و سەرپێچی و کارێکی نایاسایی لە سەرجەم دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بە بێ جیاوازی.

٢. ئەو هێزە هاوبەشەی بەپێی بڕگەی (١)ی ئەم بڕیارە پێکدەهێنرێت دەسەڵاتی قانونی پێویستی هەیە بۆ جێبەجێکردنی یاسا و ڕێکارەکان لە دەروازەکان و بەرەنگاربوونەوەی قاچاغچێتی و کاری ناقانونی لە سەرجەم دەروازەکان بە بێ جیاوازی.

٣. جەختکردنەوە لەسەر جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی کە پێشتر دراون بۆ ڕێکخستنەوەی گرێبەستی خزمەتگوزاریی دەروازە سنوورییەکان، بە ڕەچاوکردنی داهات و بەرژەوەندیی گشتی و ڕاسپاردنی بەڕێز جێگری بەرپرسی نووسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە ئامادەکردنی پرێزنتەیشنێک بۆ ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ نووسینگەی تایبەتی سەرۆک وەزیران ژمارە (٢١٦٠) لە ٢٠٢٠/١١/٣ تایبەت بە ڕێکخستنەوەی ئەو خزمەتگوزاریيانەی کە لە دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوازی گرێبەست پێشکەش دەکرێن.

٤. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران